# دەوڵەتی نوێی عێراق لەنێوان یەکێتی ئارەزومەندانەوئیلحاقی ئیجباری دا

ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان
2005-9-3 هۆڵندا

لەرێفراندۆمێکی ئازادانەوسەرتاسەری دا وهاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەگشتی یەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق 98% لەخەڵکی کوردستان دەنگی بەسەربەخۆیی وجیابونەوەدا ، بەپێی پرەنسیبی دیموکراسی ئەم رێژەیەلەدەنگی خەڵکی کوردستان دەبێتەتەنهاسەرچاوەی یاسایی سەبارەت بەبڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی ئەم جوگرافیایە ، ئیترهیچ حیزب ولایەنێکی سیاسی دیکەبۆی نیەموزایەدەبەچارەنوس ومقدەراتی خەڵکی کوردستانەوەبکات وسازش وسەوداکاری خۆیان بۆگەیشتن بەدەسەڵات ناوی لێ بنێن فیدراڵی ولکاندنەوەی زۆرەملێی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەند بەنرخی یەکێتی ئارەزومەندانەبەخەڵکی ئەم وڵاتەبفرۆشنەوە ، لەکاتێکداکەتەواوی خەڵکی ئێمەلکاندنەوەی کوردستان بەپاشکۆی دەوڵەتی عێراق ڕەت دەکاتەوە ، ئیترهیچ ئیعتباروبەهایەك بۆئەوقسەپوچانەنامێنێتەوە کەدەڵێن دەوڵەتی نوێی عێراق لەسەربنەمای یەکێتی ئارەزومەندانەدامەزراوەتەوە ، ئەگەرحیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان باوەڕیان بەسەرەتایترین بنەماکانی دیموکراسی هەیەوسوکایەتی وبێ ئیحترامی بەئیرادەو دەنگی 98% ی نەتەوەیەکی سەربەخۆناکەن لەم وڵاتەداوکەمترین ڕێز و وەفاداری بۆئەم داخوازیەی خەڵکی کوردستان قایل بن ، پێویستەزۆرئازایانەدەست لەبەرژەوەندی تەسکی شەخسی وحیزبی خۆیان هەڵبگرن وبچنەپاڵ ئیرادەوبەرەی گەلەوە بۆبەرگری لەبەرژەوەندی گشتی خەڵکی کورد وئایندەی سیاسی ئەم جوگرافیایەدەوڵەتێکی سەربەخۆ لەکوردستان ڕابگەیەنن .

وڵاتی عێراق دوهەم سەرچاوەی پاشەکەوتی نەوت وسەرچاوەی کەرەستەی خاوی بەرهەم هێنانە لەناوچەکەداوهەرلەبەرئەم هۆیەش بۆتەجێگای سەرنج وگرنگی پێدانی سەرجەم وڵاتانی دەسەڵاتداروسەرمایەداری دونیا ، هەربەوئەندازەیەش کێشەکانی ئەم وڵاتە تەنهابەناوخۆی وڵات پەیوەست نابنەوە بەڵکوکێشەناوخۆیەکانی عێراق پەیوەندیەکی حەیاتی هەیەبەپۆزەتیف ونێگەتیف لەگەڵ بازاڕ وسودوبەرژەوەندی سیاسی وئابوری سەرجەم ئەقتابەکانی سەرمایەداری جیهانی بەگشتی و وڵاتانی ئیقلیمی بەتایبەتی .

تەوافقاتی چەندحیزبێکی سیاسی لەژێرفشاری ڕستەوخۆی دەوڵەتی ئەمریکاسەبارەت بەمەسەلەی دەستور وئایندەی عێراق دورلەبنەماکانی دڵخوازوئارەزومەندانەی خودی خەڵکی عێراق ناتونێت کۆتایی بەکێشەسیاسی یەکانی ئەم وڵاتەبهێنێت ، لەقاڵبدانی سەربەستی وسەربەخۆی عێراقی یەکان سەبارەت بەبڕیاردان لەسەرئایندەی سیاسی ئەم وڵاتەلەچوارچێوەی تەسکی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوچەندحیزب وتیرەوتائیفەیەك ، زیاتر ڕێگاخۆش دەکات لەبەردەم دەست تێوەردانی بەرهەڵستکارانی جەنگی ئەمریکالەدژی عێراق لەناوچەکەولەسەرتاسەری جیهانداوچارەنوس وئایندەی ئەم وڵاتەزیاتربەرەونائارامی دەبات ، لەدوای ئەوەی کەعمرو موسی ئەمینداری گشتی جامعەی عەرەبی حەفتەی ڕابردو نیگەرانی خۆی سەبارەت بەکەمتەرخەمی لەچەسپاندنی ناسنامەی قەومی عەرەبی عێراق لەدەستوری نوێی ئەو وڵاتەڕاگەیاند وداوای ڕون کردنەوەی کردوە لەدەوڵەتی عێراق سەبارەت بەومەسەلەیە ، ئەمڕۆش ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو عبدالرحمان العطیة ڕای گەیاندوە کەوەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوحەفتەی داهاتولەعەرەبستانی سعودی کۆدەبنەوەوبەمەبەستی گفتگۆسەبارەت هەمان مەسەلەو واپێ دەچێت ئەوانیش دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بخەنەپاڵ نیگەرانیەکانی جامعەی عەرەبی وهەوڵەکانی خۆیان یەك بخەن بۆڕەت کردنەووەی مادەی سێ هەمی دەستوری هەمیشەیی
کەناسنامەی عروبەی دەوڵەتی عێراق تێدابەڕۆشنی نەچەسپاوە .

عەرەبی شیعەمەزهەب مەیل وگرایشی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی هەیەلەنمونەی جمهوری ئیسلامی ئێران وڕۆژانەبەوئاڕاستەیەهەنگاودەنێت وچەسپاندنی دەسەڵاتێکی ئیمپراتۆریانەی ئیسلامی لەناوچەکەدا سەدجارپێ باشترە لەعروبەیی دەوڵەتی عێراق وناسیۆنالیستی عەرەبی ، هەوڵیشی داوەلەدەستوری هەمیشەی عێراقداپرەنسیب وبنەماکانی ئەم ئەم سیاسەتەبۆخۆی بچەسپێنێت ، عەرەبی سونەمەزهەبیش بەپشتیوانی سەرجەم ولاتانی عەرەبی لەهەوڵی ئەوەدایە پێش بەم سیناریۆیەبگرێت وداکۆکی لەعروبەی عێراق ودەوڵەتێکی یەکپارچەوخاوەندەسەڵاتێکی ناوەندی دەکات وخەون بەگەڕانەوەی دەسەڵاتی لەدەست چوی خۆیەوە دەبینێت ، ئەحزابی

ناسیۆنالیستی کوردلەچوارچێوەی گەمەو سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا وداخوازی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا جگەلەچەندیاریکەرێکی دۆڕاوزیاتر هیچ ڕۆڵێکی ترلەئاڵوگۆڕەسیاسی یەکانی ئەم وڵاتەدابازی ناکەن وخەریکە دەستیان لەبنی هەمانەکەوە دەردەچێت .

ئاخرلکاندنەوەی کوردستان بەدەوڵەتی ناوەندەوە هیچ پەیوەندیەکی نیەلەگەڵ ویست وئارەزوی خەڵکی ئەم جوگرافیایەوخەڵکی کوردستان بەکۆی دەنگ بڕیاری لەسەرجیابونەوەوسەربەخۆی داوە وئەم مەسەلەیەهیچ پاساوێك قبوڵ ناکات ، دەکرێ بۆماوەیەکی تریش ڕابەرایەتی حیزبەدەسەلاتدارەکانی کوردستان لەم ســــــازش وسەوداکاریەکەڵك وەربگرن ودوکان وبازاڕێك بۆخۆیان لەم ناوچەیەدامسوەگەربکەن ، بەلاَم هەرگیز ڕەوانیە دەستورێك کەسەرتاپای غەرقی ئەفکاری شۆڤێنیستی وکۆنەپەرستانەیەوبۆیەکجاریش باس لەمافەقەومیەکانی خەڵکی کوردناکات بەخەڵکی بقبوڵێنن کە98% داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان لەم دەستورداچەسپاوە ، من دەڵێم نەك 98% بەڵکو 8% داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان لەم دەستورەنوێیەی عێراقداجێگای بۆنەکراوەتەوە ، جگەلەبەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی دالەعێراق هیچ مافێکی دیکەبەخەڵکی کوردستان نەدراوە وئەم مافەش لەبەیاننامەی 11 ئازاری ساڵی1970 دا دەوڵەتی عێراق بەڕەسمی دانی پێداناوە ، سەبارەت بەمەسەلەی بەڕێوەبردنی ئیداریش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدانەکراوە ، لەسەردەمی ڕژێمی بەعسیشدا کوردستان بەناو خاوەنی دەزگاکانی تەشریعی وتەنفیزی سەربەخۆ بو و سەرجەم بەڕێوەبەری ئیدارەکانی دەوڵەت بەپارێزگارەکانیشەوە هەر کورد بون ، جیاوازیەکان لێرەدائەوەیە ، داخوازی ومافەکانی خەڵکی کوردلەکوردستانێکی ئازادو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆداخۆی دەبینێتەوەهەروەك لەڕیفراندۆمەکەی ئەمســــاڵداسەرجەم خەڵکی کوردستان بەکۆی دەنگ بڕیاری لەسەرداوە ، بەپێچەوانەوە لەم دەستورەدا کوردستانیش هەروەك یەکێك لەشارەکانی خواروی عێراق مامەڵەی لەگەڵدادەکرێت ولەهیچ شووێنێکی ئەم دەستورەداناوی فیدراڵی کوردستان وەك تایبەت مەندیەکی قەومی بۆ ئەم ناوچەیە تێدانەهاتوەوهەموبەندەکانی ئەم دەستورەلەسەرەوەتاخوارەوەتاکیدلەسەریەکپارچەیی خاك وئاو وئاسمانی عێراقی بون دەکاتەوە وناکرێت بەخەڵکی بقبوڵێنن کە98% داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان لەم دەستورداچەسپاوە ، ناڕۆشنی ناوەرۆکی ئەم دەستورە بەجۆرێکەهەردەوڵەتێك لەعێراقدادەتوانێت بەئارەزوی خۆی تەفسیری لەسەربکات ،

بۆنمونە لەمادەی دوهەمی دەستورەکەداهاتوە ودەڵێت ، ئیسلام دینی فەرمی دەوڵەتەوسەرچاوەی بنەڕەتی یاسادانانە ونابێ هیچ یاسایەك دابڕێژرێت کەدژی حوکمەجێگیرەکانی ئیسلام بوەستێتەوە ، هەروەهالە خاڵی ب ی بەندی دوهەمدا دەڵێت ، نابێت یاسایەك دابڕێژرێت دژی پرەنسیبەکانی دیموکراسی بوەستێتەوە ،

ئاخرلەدەوڵەتێکداکەئیسلام تێیداسەرچاوەی بنەڕەتی یاسادانان بێت چۆن دەکرێت مومارەسەی دیموکراسی یەت بکرێت وئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەڕێگای دەنگدانی گشتی وئازادانەی خەڵکەوەبەڕێوەبچێت ؟ هەرکەسێك ئەلف وبێی سیاسەت بزانێت تێ دەگات کە ئیسلام ودیموکراسی یەت دومەسەلەی لێك جوداودژبەیەکن ، ئێران باشترین نمونەی دەوڵەتی ئیسلامی یەلەناوچەکەدا ، کەلەژێردەسەلاَتی جمهوری ئیسلامیدا ئەم وڵاتەکراوەتەجەهنم وتاریکستان وهەموشتێکی جوان وخۆش تێداقەدەغەوحەرام کراوەوتاسەرئێسقان بێ ئیحترامی بەمافە فەردی وکۆمەلاَیەتی یەکان دەکرێت ولەژێرپێ دەنرێن ، سیستمی دەوڵەت لەئێرانیش کۆماریەوپرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەلاَتیش تێدالەڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادانەوەئەنجام ئەدرێت ، بەلاَم لەهەڵبژاردنەگشتی یەکانی ئەو وڵاتەدا کاندیدەکانی پۆستی سەرۆك کۆماری وسەرجەم پۆستەگرنگەکانی دیکەبەژێردەسەلاَتی دەیان کۆنترۆڵی وەك مجلسی سیانەی دەستوری هەمیشەیی داتێپەڕ دەبێت وبچوکترین گومانی غەیرەئیسلامی لەسەربێت ڕەت دەکرێنەوە وقبوڵ ناکرێن ، دەسەلاَتی ڕابەری ڕوحی جمهوری ئیسلامی ئێران علی خامنئی لەسەروی دەستورویاساودادگاوسەرجەم دەسەلاَتەکانی دیکەوەیە ، بۆیەممکین نیە هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەبەرژەوەندی خەڵك بەڕێگای دەنگدان وهەڵبژاردنەگشتی یەکان بێتەئاراوە ، ئەوکەسانەی کەبۆپۆستی سەرۆك کۆماری وپۆستەگرنگەکانی دیکەلەلایەن مجلسی سیانەو ڕابەری ڕوحی یەوە قبوڵ دەکرێن هیچ مەترسی یەکیان بۆسەردەسەلاَتی ئیسلام نیە و هەرکەسێکیان هەڵبژێرێت سەرکەوتنی ئیسلامەلەو وڵاتەدا .